# نەخشەڕێی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی فەڵەستین و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق

**خانەی هزریی کوردستان**

دووشەممە (٢٠-١١-٢٠٢٣) بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداریی لە چوارەمین کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (MEPS 2023) لە زانکۆی ئەمریکیی کوردستان – دهۆک، کرد. نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی لە کۆمەڵێک کێشە و پرسی ناوچە، عێراق و هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام دوو پرسی سەرەکی لەناو بابەتەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەولەوییەتی سیاسەتی ڕۆژی ناوچە، عێراق هەرێمی کوردستاندا بوون.

هەر لەو پەیوەندییەدا و لە چوارچێوەی حوکمی عەقڵ و لۆژیکدا نەخشەڕێی هەرێمی کوردستانی دەربارەی جەنگی ئیسرائیل-حەماس، هەروەها کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستانی خستە ڕوو.

**یەکەم:** تێڕوانین، هەڵوێست و سیاسەتی هەرێمی کوردستانی سەبارەت بە دۆخی ناوچەکە (جەنگی ئیسرائیل و حەماس)، هەروەها چۆنێتیی مامەڵەکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێستا کە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە. **دووەم:** پرسی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە کە دەبێت تا زووە چارەسەر بکرێت، ئەگینا دواخستنی، نەك تەنیا هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت، بەڵکوو قەبارە و کاریگەریی کێشەکە زیاتریش دەکات، تا ئەو ئاستەی ڕۆژێک لەناکاو بتەقێتەوە.

**تەوەری یەکەم: پرسی فەڵەستین**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدروستی ئەوەی خستە ڕوو کە دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە بەهۆی پێکەوەبەستراوی، هەڕەشە لە سەقامگیری، ئابووری و ئاسایشی جیهان دەکات؛ ئەمەیش وەک ئاماژەیەک بە جەنگی حەماس-ئیسرائیل و لێکەوتە سنووربەزێن و سەرووهەرێمایەتییەکانی. لێرەدا نێچیرڤان بارزانی هەم هۆشداریی دا لە ئەگەری فراوانبوونی جەنگ بە تێوەگلانی ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمییەکان و، هەمیش بەناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەی دایە دەسەڵاتدارانی عێراقی، ئەمریکی، ئەورووپی و...، کە ئەگەر هاوشێوەی ئەمە بۆ کورد ڕوو بدات و، هەر بەم شێوەیە بە چارەسەرنەکراوی بهێڵدرێتەوە یان هەوڵ بدرێت بە جەنگ و توندوتیژی داواکارییەکان کپ بکرێن و مافەکانی کورد پێشێل بکرێن، بە هەمان شێوە دەتوانێت ئاسایش و ئابووری و ئاشتیی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە. بەم پێیە پەیامی نێچیرڤان بارزانی گوزارشتی لە ڕاستییەک کرد، کە چەمکی ئاسایش ڕاستەقینەیە و، پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە کەوتنە مەترسیی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و جیهانی، دەوڵەتان خۆیان بە بەرپرس بزانن و چارەسەرکردنی کێشەکان وەکوو بەشێک لە بەرژەوەندی و ئاسایشی خۆیان هەژمار بکەن. ڕاستییەکەی، گۆڕانکاری و

پێشهاتەکانیش هەر ئەو سیاسەت و ڕوانگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەلمێنن.

نێچیرڤان بارزانی بە هۆشداریدان بە ئەکتەرە ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئەگەری تێوەگلانیان لە جەنگی حەماس-ئیسرائیل، ئەوەی بەئاشکرا و ڕاشکاوانە دەربڕی، کە عێراق و هەرێمی کوردستان زیانمەندی ئەم جەنگە دەبن، ئەگەر تەشەنە بسەنێت. ڕاستییەکەی ئەمەیش وەڵامی داواکاریی توندڕەوەکان بوو بۆ دەستێوەردان و بەرفراوانکردنی ئەم جەنگە بە بیانووی بەرگری لە فەڵەستینییەکان، کە زیاتر ڕوانگەیەکی توندڕەویی ئایینیی بەسەردا زاڵە، کە تەنیا ئەم کێشەیە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە دەبینن، بەبێ ئەوەی ڕەهەند و لایەنە شاراوەکانی دیکەی پرسەکە هەژمار بکەن؛ لە پاڵ ئەمەیشدا باسکردن لە پاراستنی ژیانی کەسانی سڤیل لە هەردوو لا، کە نابێت لایەنەکان کەسانی سڤیل بکەنە ئامانج. بۆ ئەم مەبەستەیش بانگەوازی وەستاندنی جەنگەکەی کرد بۆ ئەوەی گیانی هاووڵاتیانی سڤیل پارێزراو بێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە خستنەڕووی چارەسەری "دوو دەوڵەت"- وەك لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە-، لە لایەک پێداگری لەسەر سیاسەت و میکانیزم و هەڵوێستێکی دروست و یاسایی و دانپیانراوی نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستانی خستە ڕوو و، لە لایەکی تریشەوە نێچیرڤان بارزانی پێگەی هەرێمی کوردستانی هاوتەریب لەگەڵ هەموو ئەکتەرە هەرێمایەتییە موسڵمانەکان و وڵاتە ڕۆژاواییەکان و تەنانەت ڕووسیا و چینیش سەبارەت بەم پرسە، بەرز کردەوە. ئەمەیش هەم هەڵوێستێکی سیاسی و دیپلۆماسییە بە ئاراستەیەکی دروست و، هەمیش وەڵامی لایەنە ناوخۆیی و عێراقی و هەرێمایەتییەکانە، کە بەردەوام ڕەخنەیان لە هەرێمی کوردستان گرتووە، کە هەڵوێستی ڕوون نەبووە و پشتیوانیی لە فەڵەستین نەکردووە. جێی ئاماژەیە، کە چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین بە لەناوبردنی لایەك بۆ لایەکی دیکە نابێت. مێژوو ئەوەمان فێر دەکات کەوا بەکارهێنانی هێز و دەستبردن بۆ کوشتنی یەکتر و داگیرکردنی خاکی یەکتر، جگە لە قووڵترکردنی کێشەکان هیچ سوودێکیان نەبووە و پێش ناچێت لە داهاتوودا هیچ سوودێکی هەبێت. بۆیە باشترین ڕێگەچارە بۆ بنبڕکردنی کێشە و گرفتەکان بریتییە لە چارەسەرەی بنیاتنانی "دوو دەوڵەت" و "دوو نەتەوە" بە شێوەیەك ڕێز لە ئاسایشی هەردوو لا بگیرێت.

ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت کە لە کاتی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین لە بری ئەوەی گرفتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەی ئایینی (ئیسلام – جوو) خوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەبێ ڕەهەندە نەتەوەیی و ناوچەییەکانی کێشەکە زەقتر بکرێت و، لەسەر ئەم دوو تایبەتمەندییە کێشەکان چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەم بۆچوونە عەقڵانییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێک پەیوەندیی بەو چارەسەر میانڕەوانەی نێونەوەییشەوە هەیە، کە هەر ئێستا خەریکە لە جیهاندا زیندوو دەکرێتەوە و دەبێتە چارەسەر و گوتاری زاڵ، کە ئەویش بریتییە لە چارەسەری دوو دەوڵەت و دوو نەتەوە (ئیسرائیل و فەڵەستین).

لێرەیشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە دەربڕینێکی دیپلۆماسی و نەرم بەڵام ڕاشکاوانە، هۆشدارییشی دایە ئیسرائیل، ئەمریکا و ئەوروپییەکان، کە ئەگەر کێشەی فەڵەستینییەکان لەسەر بنەمای دوو دەوڵەت چارەسەر نەکەن، ئەگەری دووبارە و چەندبارەبوونەوەی کارەساتی ٧-١٠-٢٠٢٣ لە ئارادایە. ئەم دەربڕین و ڕوانگەیە، لەسەر بنەمای ڕیالیستبوون و ئەزموونی مێژوویی بنیات نراوە. لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناڕاستەوخۆ هۆشداریی دایە ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمییەکان، کە ئەگەر پرسی کوردیش بەئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی لە چوارچێوەی یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا چارەسەر نەکرێت، ئەوە مێژوو دووبارە دەبێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی سەرۆکی هەرێمی کورستان دەرفەتەکەی قۆستەوە و، هەم هەڵوێست و سیاسەتی هەرێمی کوردستانی سەبارەت بە جەنگی حەماس و ئیسرائیل خستە ڕوو و، هەمیش پەیامی هەرێمی کوردستانی گەیاندە بەرپرسە نێودەوڵەتییەکان؛ جگە لەمانەیش وەڵامی لایەنە توندڕەو و میلیشیا و ڕەخنە ناوخۆیییەکانی عێراقی دایەوە.

**تەوەری دووەم: پرسی عێراق و هەرێمی کوردستان**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرس و کێشەکانی عێراق بەگشتی، هەروەها ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئەو ڕوانگەیەی خستە ڕوو، کە ئەو ناسەقامگیری و نائارامی و ململانێیانە پەیوەندییان بە دوو بواری پێکەوەگرێدراوەوە هەیە، کە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە پشگوێ خراون و جێبەجێ نەکراون: جێبەجێنەکردنی سیستەمی فیدراڵی و، پابەندنەبوون بە دەستووری عێراقەوە. هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، نەخشەڕێی چارەسەرییەکانی بۆ پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراقی، گەڕاندەوە بۆ ڕۆحی دەستوور، کە عێراقی نوێی لەسەر بنیات نراوە و، وەکوو چارەسەرێکی ڕیشەیی خستە ڕوو و، بنەماکانی "هاوبەشی، سازان و هاوسەنگی"یشی بۆ ناوەڕۆکی دەستوور گەڕاندەوە. نێچیرڤان بارزانی بەم نەخشەڕێیە ویستی لە لایەک نەخۆشییە سیاسییەکانی ئێستای عێراق دەستنیشان بکات و، لە لایەکی تریشەوە دەرمان و چارەسەرییەکانیشی خستە ڕوو و، داوایشی کرد کە لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەم نەخشەڕێیە کار بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو بنەما بنچینەیییانەی عێراقی نوێ.

وەک چۆن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە پرسی فەڵەستین هۆشداریی دایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە جەنگ و توندوتیژی، نەک تەنیا کێشەکان چارەسەر ناکات بەڵکوو ئاڵۆزتری دەکات و کاریگەریی لەسەر ئاشتی و ئاسایش و بەرژەوەندیی هەموو ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێت، بە هەمان شێوەیەیش هۆشداریی دایە لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە پەنا نەبەنە بەر پێوەر و لۆژیکی هێز.




**نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چوارەمین کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (MEPS 2023) لە زانکۆی ئەمریکیی کوردستان – دهۆک (٢٠-١١-٢٠٢٣)**

لێرەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ویستی پەیامێک بە حکوومەتی بەغدا و لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بدات، کە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداش ئەگەر هەر دوا بخرێن و چارەسەر نەکرێن، ڕۆژێک دێت بتەقنەوە؛ کە ئەوکات هەموومان باجەکەی دەدەین. بە واتایەکی تر، عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت وانەیەک لە جەنگی غەززە وەربگرن و چیتر کێشەکان دوا نەخەن، چونکە "ئاسایشی هەموومان پێکەوە بەندە". کێشەی هەرێمی کوردستان و بەغداش وەک ئەوەی غەززە، دابڕاو نییە لە ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی؛ بە هەمان شێوە ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاسایشی عێراق و ناوچەکە، بەتایبەت کە کێشەی کوردیش وەک پرسی فەڵەستین ڕەهەندێکی مێژوویی و هەرێمیی قووڵی هەیە.

بەڵام ئەوەی دەکرێت بکرێتە ستراتیژیی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە خۆی بەدوور بگرێت لە هێنانی کێشەکانی ناوچەکە بۆ ناوماڵی خۆی. بۆیە ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە ئەوەیە، کە "نەبێتە گۆڕەپانی ململانێکان، بەڵکوو بەشێک بێت لە چارەسەر". سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو پەیامەی بۆ عێراقیش بوو کە هەوڵ بدات بە دوای چارەسەردا بگەڕێت نەک درێژکردنەوەی کێشەکان، چونکە ستراتیژیی درێژکردنەوە و فراوانکردن و چالاککردنی ململانێکان وا دەکات هەموو لایەک بەشێک بن لە خۆشکردنی ئاگری جەنگ، ئینجا بە ویستی خۆمان بێت یان بە ویستی ئەوانی تر.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی ئاماژەی پێ کراوە، جەختکردنە لەسەر سەقامگیریی عێراق؛ واتە نابێت سەقامگیریی عێراق لە پێناو لایەنە دەرەکییەکان تێك بدرێت و سەرۆکی

هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ تیشکی خستە سەر ئەوەی، کەوا "ئێستا کاتی ئەوەیە عێراق ببێتە گۆڕەپانی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی عێراق، نەك گۆڕەپانی درێژکردنەوەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان لە ناوچەکەدا." ئەم تێبینییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر لە جێی خۆیدا بوو، چونکە عێراق بە درێژایی مێژوو بۆتە گۆڕەپانی تەسفییەکردنی حسابات و ململانێ دەرەکییەکان؛ کە ئەمەیش کاریگەریی زۆر خراپی کردۆتە سەر خەڵکی عێراق. بۆیە ڕای گەیاند: ئەگەر دەتانەوێ عێراق سەقامگیر بێت، ئەوە کلیلی سەقامگیریی عێراق چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستانە، هەروەها نەخشەڕێی چارەسەری ئەم کێشانەیش بەڕوونی لە دەستووردا هاتووە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە پێداگری لەسەر فرەییی عێراق، نەخشەڕێی بەهێزبوونی عێراقیشی هەر بەستەوە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕێزگرتن و پاراستنی مافی هەموو پێکهاتەکان بەیەکسانی و پشتگوێنەخستنیان. ئەمەیش هەم بە ئەزموونی گەلان سەلمێنراوە و هەمیش ئەزموونی عێراق نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە؛ بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی ئەو پێکهاتانەی لە دەسەڵات وەکوو مەرجی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری دەستنیشان کرد و ڕاستییەکەیشی هەر بەم شێوەیە، چونکە نابێت کە لە عێراقدا تەنیا پێکهاتە، ڕوانگە و گرووپێکی دیاریکراو وەکوو ڕابردوو دەسەڵاتیان هەبێت و پێکهاتەکانی دیکە بکەونە پەراوێزەوە.

جیاوازینەکردن لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق، زۆر گرنگە بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی سەقامگیر و بێکێشە و، جەختکردن لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانە یەکێک لە گرینگییەکانی تری وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، کە یارمەتیدەر دەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق؛ واتە بەشدارپێکردنی سەرجەم پێکهاتەکان لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیاری سیاسی لە عێراق. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەوردی کلیلی سەقامگیریی عێراقی بەستەوە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق. واتە ناوەڕۆکی پەیامەکە ئەوەیە، کە ئێوە تەنیا خاوەنی عێراق نین، بەڵکوو دەبێ حوکمڕانی لەسەر بنەمای هاوبەشی، سازان و هاوسەنگی بێت.

نێچیرڤان بارزانی چەند جارێک لە پاڵ نەخشەڕێی چارەسەری ناکۆکی و کێشەکانی عێراق، کلیلی ئەم هاوکێشەیەیش دەبەستێتەوە بە "ئیرادە"ی لایەنە سیاسییەکانەوە و ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە تەنیا بە ئیرادەیەکی بەهێز دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن. بۆیە پێداگری لەسەر دانوستان و گفتوگۆی بەردەوام دەکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتن و، بەرژەوەندیی وڵات لە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکەوە دادەنێت؛ کە ئەمەیش دەربڕی ڕوانگەیەکی دەوڵەتمەداری، هەروەها ڕیالیستیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و بەناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەیشی گەیاندە ئەو لایەنانەی کە بەپێچەوانە ڕەفتار و سیاسەت دەکەن، کە خەمی نیشتمانیان نییە و، بەرژەوەندیی خۆیان لە سەروو بەرژەوەندیی باڵای وڵات داناوە.

ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەبەستی بوو ئەوە بوو، کە دەبێت لەم دۆخە ناهەموارەی کە ناوچەکە پێیدا تێ دەپەڕێت، پردی متمانەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەهێز بکرێتەوە، چونکە بە پشتبەستن بە ئەمری واقع و یاسای هێز، پرسەکان چارەسەر نابن (وەک ئەوەی ئێستا حکوومەتی فیدراڵ پەیڕەوی دەکات)، بەڵکوو تەنیا دوا دەکەون؛ دواخستنی کێشەکانیش هەمیشە دەرەنجامی مەترسیداری وەک دۆخی غەززەی لێ دەکەوێتەوە، کە دواتر لەدەست دەردەچێت و چارەسەری ئەستەم دەبێت. لە

لایەکی تریشەوە لە ئێستادا هێزە بچووکەکانیش دەتوانن ببنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە. جەنگی حەماس و ئیسرائیل دەری خست، کە قەبارە و توانای سەربازی و لۆجستی، تەنیا پێوەر نین بۆ هێزی لایەنێک، بەڵکوو بێهێزەکانیش دەتوانن سەرئێشەی زۆر بۆ دەوڵەت، سیاسەتی هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بکەن. گوتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشتئەستور بوو بە دیپلۆماسییەتی دانبەخۆگرتن و گەڕان بە دوای چارەسەر، نەک ئاڵۆزکردن و فراوانکردنی کێشەکان. عێراق و هەرێمی کوردستان بەشی خۆیان کێشەیان هەیە؛ دەبێت لەم دۆخە سەختەدا زیاتر بە دوای دەرفەتی ئاشتی و بنیاتنانی متمانەدا بگەڕێن، نەک پێچەوانەکەی.

نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش هەمان ئاراستەی هەیە و داوای تەبایی و یەکڕیزی و لێکتێگەیشتن و سازانی لایەنە سیاسییەکان، بە ڕێزگرتن لە فرەیی سیاسی، کەلتووری، ئایینی، ئایینزایی و، بەم پێیەیش ڕێزگرتن و بەشداریی هەموو پێکهاتەکان دەکات و، ئەمەیش دەری دەخات کە نێچیرڤان بارزانی ئەوەی سەبارەت بە پرسە نێودەوڵەتییەکان وەکوو دۆزی ڕەوای فەڵەستینییەکان بڕوای پێی هەیە، بە هەمان شێوە بۆ عێراق و پاشان ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش بە ڕەوای دەزانێت و بڕوای پێی هەیە.